کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-4-2007 13:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوردستان ولاتی پشوو ... م/ کریم قادر کریم

پەروەردەو فێرکردن بەگرنگترین وناسکترین پرۆسە دادەنرێت کە پێویست بەوە ئەکات بەرنامەوپلانی



راستو دروستی بۆدابنرێت لە پیناو سەرکەوتن وهێنانەدی ئەم ئامانجەپیروزە. کارەکتەرە چالاك وکاریگەرەکانی بریتین لەمامۆستایان وبەهاوکاری دایکان وباوکان لە بواری پەروەردەدا.

پرۆگرامەکانی خوێندن ناتوانێت ببێتە خالّی وەرچەرخان، بەبی دابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندن و ڕێکخستن وفەراهەم کردنی زەمینیەکی لەبارو گونجاو بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسە چارەنووس سازە. یەکێك لە هەرە ڕێنمای و ئامۆژگاریەکانی سەرپەرشتیاران بۆ مامۆستایان بریتیە لە کارکردنە بە پلانو تەواوکردنی پرۆگرامی سەرجەم پۆلەکانە لە کۆتایی سالّی خوێندن. تاکو قوتابیانوخوێندکاران لەسالّی داهاتوودا کێشەی هیچ بابەتێکیان نەبێت کە پێشتر نەخوێندرابێت. بەلاّم زۆری پشوەکان لە ولاّتەکەمان فاکتەرێکی سەرەکیە کە مامۆستایان نەتوانن ئەم ئامۆژگاری و ڕێنمایانەجیبەجی بکەن.

مەبەست لەم نوسینە ئەوە نیە لە گرنگی و پیرۆزی بۆنەو یادەوەریەکانمان کەم بکەینەوە چونکە هەندێکیان بریتین لە ناسنامەو سونبل وسەروەری گەلەکەمان. (نەورۆز، ڕاپەرین، هەلّبجە... ) بەلاّم ستەمە لە ولاّتێکدا گەلێك ناسنامەو کەلتورو مێژووی لە مەترسی دابێت ئێمەش بەرەو رووی بچین ویادی دامەزراندن و بیرەوەریەکانی شکۆدار بکەین (سوپای عێراق، خومالّی کردنی نەوت و 11ی ئازار، عاشورا)

هەرچەندە تاکو سالّی پاریش یادی ئەم سوپایەمان ئەکردەوە، کە لەسەرەتایی دامەزراندیەوە یەکێك لە ئەرکەکانی ڕووبەڕوبوونەوەو دامرکاندنەوەی ڕاپەرین وشۆڕشەکانی گەلەکەمان بوە سەرەڕایی بەشداریکردنی زۆر لە ئەفسەرو تێکۆشەرانمان لەخەباتی دژ بە داگیرکەری بێگانە. ڕۆلّی بەرچاویان لە زۆربەی شۆرشەکانی عێراق بینیوە، بۆ گۆرینی رژێمەکان بە ئومێدی دابین کردنی مافەکانمان.

خۆمالّی کردنی نەوت گەورەترین دەسکەوتی بۆ گەلەکەمان بریتیە لەو دەبە نەوتانەی سەر شۆستەو شەقامەکان کەخەلّکی پیرازی دەکرێت بەنرخێکی هەرزان، چونکە وولاّتەکەمان هەژارەو لەسەر دەریایی نەوتە. تا ئەمرۆش لە سەردەمی ئازادیو فدرالّی تەنانەت پالّەوگەیەکی بچووك بۆ پڕکردنی دەبە نەوتەکانمان پی ڕەوا نابینن.

11ی ئازار گەر ڕۆژێك بێت ڕژیمی بەعسی لەناوچوو بەشێك لە مافەکانمانی سەلماندبێت بە ئۆتۆنۆمیەکی خاوەن ئەنجومەنی یاسادانانو جێبەجیکردن، بپرسین ئایە لە ئاکامی ئەم ڕێکەوتنە گەلەکەمان گەیشتە ترۆپکی سەرکەوتن و لە سایەیدا حەسایەوە یان توشی وێرانکردنی گوندو شارو لەناوبردن بە چەکی کیمیاییو ئەنفال بووە؟

بۆنەو یادە ئاینەکانیش ئەمەندە زۆرن ئەبێت لەجیاتی گریانو پارانەوە لە یەزدان بگریەین بۆ کوژرانی سەدان خەلّکی بی تاوان کە تەنها وەك مەبەستێکی سیاسی ئەم تایەفەو مەزهەبە ئەنجامی ئەدەن.

ئەمەوێت لەم نووسینە وولاّتەکەم بە وولاّتی پشووەکان ناو بەرم کە خۆم ببستم لە سەرپەرشتیاری پرۆگرامی (sunrise) ( Mr. Tamas)کە ووتی (کوردستان بۆتە ولاتی پشوو)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-4-2007 13:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

(kurdstan is the holidays land) )

هەرچەندە خوم بۆم نەسەلماندو پاساوم بۆ هێناوە بەڵام خۆشم ئەمەم بیرهاتەوە کە وولاتێکی وەك ئوردن کاتێك ڕۆژێکیان پشوو بێت ئەوا لەڕۆژی هەینی قوتابی وخوێندکاران بیئاگادارکردنەوە دەچن بۆ پۆلەکان لەجیاتی ئەم ڕۆژە. خۆزگە کوردستانمان لەم پشوەستانە دەرباز بوایە ئێمەش وەکو گەلانی دنیا خاوەنی زۆر لە جوانیەکانی خۆمان باین. لەجیاتی پشووی نیوەی ساڵ مانگی ئازارمان بکردایە پشوو ئەمەش بەسوودێکی گەورە ئەگەڕایەوە بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن. بۆنەویادەوەریەکانی لەدایك بوون و کۆچکردن بەتەنهایی لەلای خۆمان بەجوانترین شێواز یادمان بکردایەوەوشانازیو سەروەریەکانمان وەك گلێنەی چاومان پاراستبا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.